# حوكمی فڕوفێڵ كردن لەیەكێک لەحكومەتە بێباوەڕەكان

[ كردي – كوردی – kurdish ]


## موحەمەد صاڵح المنجد

سایتی (ئیسلام پرسیار ووەڵام)



وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# هل يجوز له خداع حكومة الكفار وأخذ الأموال منهم

« باللغة الكردية »


محمد صالح المنجد

موقع الإسلام سؤال وجواب


ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز


2013 - 1434

IslamHouse.com

## حوكمی فرۆفێڵ كردن لەیەكێک لەحكومەتە بێباوەڕەكان

**پرسیار :** من لـەیـەكێك لـەوولاّتـە ڕۆژئـاواییـەكان نیشتـەجێم، لـێرە هـەركـەسێك داوای ئیقامـە ومافـی مانـەوە بـكات مووچـەیـەكی مانگانـەی پێ دەدرێت، وپێی دەڵێن هـەركاتێك ئیشێك یان كارێكت دۆزیـەوە دەبێت پێمان بڵێیت بۆ ئـەوەی ئـەو مووچـەیـەی لـەبـەر بێكاری پێت دەدەین بیبڕین، ئـەوكاتـە تـەنها كرێی كارەكـەی خۆی وەردەگرێت، وحكومـەتیش لـە صەدا سی (٣٠%) وەك باج لـێ دەبڕن، پرسیارەكـەی من ئـەمـەیـە، ئایا دروستـە مرۆڤ درۆ بكات و بـەحكومـەت بڵـێ كارم نـەدۆزیوەتـەوە بۆ ئـەوەی باجـەكـەی لـێ وەرنـەگرن، بـەمـەش مووچـەی بێكاری مانگانـە لـەحكومـەت وەردەگرێت و مووچـەی كاركردنـەكـەشی وەردەگرێت، بۆ زانیاریشتان من بۆیـە هاتوومـەتـە ئـەم وولاّتـە كـە بخوێنم، نـەك بۆ ئـەوەی ئیقامـە وەربگرم و بمـەوێت بـەهـەمیشـەیی بمێینمـەوە ؟

**وەڵام :** سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان .

هەر موسڵمانێك بچێت بۆ یەكێك لەو وڵاتانە، واجبە لەسەری پابەندبێت بەهەموو ئەو مەرجانە كە لەكاتی وەرگرتنی ئیقامەدا لەسەریان بەمەرج داناوە، مەرجێك نەبێت كە حەڵاڵێك حەرام بكات یان بەپێچەوانەوە .

چونكە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَوْفُوا بِالْعُقُودِ ﴾ [المائدة : ١] واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، بەئەمەک و بەوەفا بن بەرامبەر بەڵێن و پەیمانەكانتان .

بۆیە دروست نییە مرۆڤی موسڵمان خیانەت و غەدریان لێ بكات، پێغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : « أَدِّ الأَمَانَةَ إِلَى مَنْ ائْتَمَنَكَ ، وَلا تَخُنْ مَنْ خَانَكَ » [رواه أبو داود (٣٥٣٤) وصححه الألباني في صحيح أبي داود] واتە : ئەو ڕاسپاردە بگێڕەوە بۆ ئەو كەسەی كە بە ئەمینی گرتوویت، وە خیانەت مەكە لەو كەسەش كە خیانەتی لێكردوویت .

لەجێگایەکی تردا پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) لە وەصفی موونافیق و دووڕودا باسی صیفەتی غەدر و خیانەتی ئەوانی کردووە دەفەرموویەتی : « إِذَا عَاهَدَ غَدَرَ » [رواه البخاري (٣٤) ومسلم (٥٨)] واتە : دووڕوو و (موونافق) کاتێك پەیمان وبەڵێنێك دەدات نایباتە سەر وپەیمانەکەی دەشکێنێت .

هەر بۆیە دەبینین پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) کاتێك کە هاوەڵانی دەنارد بۆ جەنگ کردن لەگەڵ موشریکەکاندا، یەکێك لەو ئامۆژگاری و وەصیەتەی کە بۆی دەکردن ئەوەبوو دەیفەرموو : «لَا تَغْدِرُوا» [رواه مسلم (١٧٣١) ] واتە : خیانەت و غەدر مەکەن، ( مەبەست ئەوەیە ئەگەر یەکێك لە ئێوە پەیمانێکی بەواندا، یان پەنای یەکێکی لەوان دا پەیمان وبەلێنەکەی خۆی بباتە سەر و غەدر و خیانەتی لێ نەکات ) .

هەر ئەمەشە ئەخلاق و ڕەوشتی بەرز و جوان وکەمالی شەریعەتی ئیسلام پیشان دەدات، بەوەی تەنانەت ڕێگا نادات

بەشوێنکەوتوان ونەوەکانی غەدر وخیانەت بکەن لە دوژمنەکانیان، بۆیە ئەو دەوڵەتەی بەچەند مەرجێك ڕێگای مانەوەی پێداوویت واجبە لەسەر جەنابیشت بەوەفابیت لەگەڵ بەجێهێنانی ئەو مەرجانە وخیانەتی لێ نەکەیت .

جا بەم پێیە بێت دروست نییە کە هیچ شتێك لەبارەی کار وپیشەکەتەوە لەحکومەت بشاریتەوە وبتەوێت لەو باجە وضەریبە هەڵبێیت کە حکومەت لەسەری داناویت، بۆیە ئەو مووچەیەی لەبەرامبەر بێکاریت وەری دەگریت لەحوکمەت دروست نییە و حەلاڵ نییە وەری بگریت .

خوای گەورەش زانا وشارەزاترە .